



# ژنێک پڕ لە هەتاوی بوێری

غەمگین بۆڵی

بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە
بە من بچێ..
دە ئەمجارەش کراسەکەم هەڵدەوە.   **نیگار نادر**

**دەستپێیک وەک دەروازەی باسەکە:**

نووسینی ئەدەبیات گەڕانێکی گومانگەرییە بەدوای ڕێگە سانتمانتالیزمییەکانی بوون لەلایەن خودی نووسەرەوە. ئاخر نووسینی ئەدەبی ئەگەر جیاوازییەکی بنچینەیی تێدا نەبێت و پێکدادانی کردە فیکرییەکان دروست نەکات لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە لە قۆناغەکانی تری ژیاندا نووسراون و لە مێژووی ئەدەبیاتدا بوونیان هەیە، نەنووسینیان چەشنی نووسینیانە. تەنانەت کەرتە کەرپووچێک ناخەنە سەر باڵەخانەی

ئەدەبیات. یەکێک لەخاسیەتەکانی دەقی زیندوو ئەوەیە کە هێزی میتۆلۆژیی رۆحی نووسیارەکەی تێدابێت و ئەو هێزە بە خانەکانی جەستەیدا هاتوچۆ بکات. شیعری جاویدانی و خودان نوێخواز، چەندە پێویستی بە بنەما بنچینەییەکانی جوانیناسی هەیە، بەقەد ئەوەش پێویستی بە هونەری جیاوازنووسین هەیە. ئاخر ئەو دەقانەی لە سێبەری دەقی تردا دەژین، چەشنی مریشکی کورکن لەسەر هێلکەی باڵندەی تر کڕکەوتوون. شاعیر هەیە لە سێبەری دەیان شاعیری تردایە و بەردەوام سێبەرەکانی بە ڕەنگی وشەی بریقەدار دەڕازێنێتەوە.

لێرەدا پرسیارێکی پڕ لە گومانگەریی لە بەردەممان قیت دەبێتەوە، کە بۆچی ئەو جۆرە شاعیرانە لەبڕی ئەوەی ڕاڤەگەریی لەبارەی لایەنە کاریگەرییەکان و تێرکردنی زگی شیعرییان لەسەر خوانی دەقی شاعیرانی تر بکرێت، کەچی شیعرەکانیان لەژێر کاریگەریی سۆزداردا هێندە گەورە دەکرێن؟ کە خوێنەری سادە لای وایە سەری داهێنانی لە هەور دەخشێت. ئەو فەزا ئاڵۆزەی ئەمڕۆی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دروستی کردووە، دەنگەلێکی زۆری تێکەڵی یەکتری کردوون. ڕەخنەی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی کاریگەریی ڕاستەوخۆشی کردووەتە سەر دەقی ژنە شاعیرەکان، چونکە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەقی ژن لە ژێر کاریگەریی دەقی پیاودا بووە. تەنانەت ژنە شاعیری واهەبووە دەربڕینی پیاوانەی بەکارهێناوە و لە شیعرەکانیدا وەسفی زولفی خاوی کردووە.

بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان لێرەدا ئێمە باسی ئەوە ناکەین کە جیاوازی لە نێوان دەقی پیاو و دەقی ژن چییە؟ یاخود ئایا دەقێک هەیە بەناوی دەقی ژنانەوە؟ دەق هەموو ڕەگەزەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا خۆی لە تەواوی ڕەگەزەکان ڕووت دەکاتەوە و ڕەگەزپەرستیی قبووڵ نییە. لێ هەندێک دەربڕین لە دەقدا هەیە جیاوازیی ڕەگەزەکان بە دیار دەخات. دیارە ڕەخنەش لەبارەی دەقی شاعیرە ژنەکان لە فیلتەری فیکر و مەعریفەتی ئەو خاڵانەی کە باسمان کردن سەرچاوەیان گرتووە.


بەرزان هەستیار

# ئەو دەقانەی لە سێبەری دەقی تردا دەژین، چەشنی مریشکی کورکن لەسەر هێلکەی باڵندەی تر کڕکەوتوون

تەنانەت ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هیچ ڕۆڵێکی کارای نەبووە لە دروستکردنی دەنگی شاعیری ژن. زۆرجار کولتووری ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی گوشاری سیاسی و گوشاری سۆزەوە هەمیشە لە هەوڵی پیرۆزکردندا بووە و دەنگگەلێکیشی فەرامۆش کردووە. نالوێت شاعیری بوێر سەرکێش نەبێت و دژی ئەو کولتووره نەخۆشانە نەوەستێتەوە و بەیەککەوتنی کولتوورەکان و فرەدەنگی لە شیعرەکانی دروست نەکات. نیگار نادر یەکێکە لەو ژنە شاعیرانەی کە لە هیچ ژن شاعیرێکی کوردی ناچێت و هیچ ژنە شاعیرێکی کوردیش لەو ناچێت. ئەمەش بۆ جیاوازیکردنی شاعیرێک زۆرە.

**ناوەڕۆک:**

هونەری جیاواز نووسینی شیعر ئەوە نییە کە دەروازەی فەزاکانی شیعر دابخرێن و کۆدەکانی چەشنی مەتەڵی لێ بێت. زۆرجار بەهۆی ڕەچاوکردنی جیاوازییەوە جەڵەوی هونەری جوانیناسیی دەق لەدەست دەدەین و شیعرییەت لە شیعردا دەخەینە بەردەم چاڵی مەرگەوە. واتە لەپێناوی هونەری جیاوازنووسینەوە ڕۆحییەتی جوانیناسیی شیعرییەت دەکوژین. ئاخر هونەری ئەم جیاوازنووسینە داهێنان نییە، تەنانەت هەڵاتنە لە واقیعی شیعرییەت و شاردنەوەی ئەزموونی کەم مەعریفە و لاوازی کردە فیکرییەکانیشە. ئەنوەر مەسیفی ئەگەرچی پیاوی فۆرمە گرانەکانە و ستایلە باوەکانی شیعری کوردیشی ڕەتکردووەتەوە و خاوەن زمان و فۆرم و دیدگا و ستایلی تایبەت بەخۆشی بووە، لێ لە هەندێک دەقە شیعرییدا لەبەر هێزی فۆرمی جیاوازەوە شیعرییەتی شیعرەکانی بوونەتە قوربانی. ئەمە کەم تا زۆر لە بەشێک لە ئەزموونە شیعرییەکانی محەمەد ساڵح سۆزەنیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئاخر هونەری جیاواز نووسین تەنیا لادان نییە لە فۆرمی باو و تێکشکاندنی کێش و سەروا و وێنەی سواو، بەڵکو کارکردنیشە لە ناوەوەی شیعر و گەڕانێکی هەمیشەییە. کارکردنە لە فیکری شیعر و ڕەتکردنەوەی هەموو ڕێسا و کوت و کولتووری باو و ستایلی دیاریکراوە. واتە لەبەر ڕەچاوکردنی هونەری جیاوازنووسینی شیعرەوە جوانبینیی شیعرییەتیان لە شیعرەکانیاندا کوشتووە. شیعری زیندوو هەڵگری جۆرێک لە سەربەخۆییە. شیعر بەشێکی لە بیرەوەریی شاعیرەوە ڕۆحی نۆستالیژیای پێدەبەخشرێت.

دیوانە شیعری (بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بە من بچێ دە ئەمجارەش...)ی ژنە شاعیر (نیگار نادر)ە، کە بریتییە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ڕۆژمێری ساڵی ٢٠٠٦ی شاعیر، کە بیرەوەرییەکانی ساڵێکی تەواوی بەبێ پچڕان نووسیوەتەوە. ئەمە یەکەمین شاعیرە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا توانیبێتی بەو هەناسە درێژە بیرەوەریی ڕۆژانەکانی ساڵێکی بە شیعر بە بێ پچڕان بنووسێتەوە. هەرچەندە (بەرزان هەستیار)ی شاعیریش لە دیوانە شیعری (ساڵێک لە نیگەرانی)دا بەشێکی زۆری ڕۆژەکانی ساڵێکی نووسیوەتەوە. لێ لە زۆر ڕۆژی ئەو ساڵەدا پچڕاوە. نیگار نادر عەشق لە پەنجەکانیدا تکە دەکەن و خۆیان بە هێزی شیعر دەنووسنەوە، لێ جیاواز لە ژنە شاعیرانی تر خۆی دەنووسێتەوە، وەک دەنگێکی بوێر و نوێخواز خۆی لە ژنە شاعیرەکان تر جیا دەکاتەوە. خۆشی لە سێبەری ئەدەبیاتی پیاودا رووت رووت دەکاتەوە و

یەکێک لەخاسیەتەکانی دەقی زیندوو ئەوەیە کە هێزی میتۆلۆژیی رۆحی نووسیارەکەی تێدابێت و ئەو هێزە بە خانەکانی جەستەیدا هاتوچۆ بکات

# وتار

هونەری شیعری بوێری ژنان بەرەو ئاقارێکی فراوان دەبات. ئەم شاعیرە هێندە بوێر و پڕ بەرائەت و پڕ جورئەتە، لەگەڵ خودی ئەو عەشقە مەزنەی کە لە شیعرەکانیدا بوونیان هەیە، بەرائەتی چێژ (چێژی دەق) بەسەر تەواوی وشەکانیدا دەتکێن. پاولۆ کۆیلۆ باشی پێکاوە کاتێک نووسیویەتی: (عەشق یاسایەکە لەناوخۆیدا تەواوی یاساکانی تر کورت دەکاتەوە).. ئەم ژنە شاعیرەش تاکو تخووبی ڕووتبوونەوە عاشقی پیاوە.

پیاوێکم هێناوەتە سەرکۆشم و
دەمەوێ بیخوێنمەوە و
پەڕ پەڕەی هەڵدەمەوە
ئەورۆ گەیشتوومەتە چل و یەکەمین لاپەڕە.

ئەم ژنە شاعیرە بە وشەی سادە و خەیاڵی پڕ بەرائەت دنیایەکی جوانی دروست کردووە. واتە بە سادەترین کەرستەکانی نووسین و ستایلی دەربڕین کرۆکی ئیستاتیکای پێکاوە. بەبێ زۆری لەخۆکردن و پڤدانی وشەی قەبە، نیشتمانێکی گەورەی شیعری بۆ خۆی دروستکردووە. کە نیشتمانی بەزاندنی سنوورە سوورەکانی ژنبوون و بەرائەتی ئێرۆتیکا. پێم وانییە هیچ ژنە شاعیرێکی کوردی بەقەد ئەم ژنە شاعیرە توانیبێتی هێندە بە ڕۆحی ژنانەوە داهێنان لە جورئەتی شیعر و بوێریی لە دەربڕیندا کرد بێت. لەم ئەزموونە شیعرییەی شاعیردا بوێری و جورئەت لەوپەڕی فانتازیای جوانی و ترۆپکی ئیستاتیکادان.

ئێستا کراسەگوڵزەردەکەم بۆکورت بووەتەوەو
هەتا سەرچۆکم دێت.
ئەو پیاوە چاوزەردەش تاخوار چۆکم.
دەستت بێنە لەسەر ناوکمی دانێ و داخوا کوێ کۆتاییمە نەیبزێوی نە بۆ خوارتر نە بۆ سەرتر ها، دەنا کۆترەکانم هەڵدەفڕن.

سارتەر بەدیدگایەکی ئیستاتیکییانە باس لەوە دەکات کە خودی شاعیر بۆ ئەوەی زیاتر بەناو خۆیدا ڕۆبچێت و کەسایەتییەکی بەرز و خۆراگیری هەبێت، پێویستە لەگەڵ خودی خۆی و تەواوی کولتوورە باوەکاندا بجەنگێت. ئەم ژنە شاعیرەش نازانێت سنووری نووسین چییە؟ نەریتە باوەکانی دەربڕینیش وەردەگێڕێت و لە ڕوانگەیەکی بەرزترەوە پێی شیعرگەریی دەڕوانێت. کە لە زۆر فەزای ناو شیعرەکاندا شاعیر دەبێتە کۆتر و لە هیچ قەفەزێکدا ئۆقرە ناگرێت و حەزی هەڵفڕینی نامرێت. شیعر چەشنی ئەو کۆترە دەبێت هەمیشە لە هەڵفڕیندا بێت و هەموو قەفەزەکان ڕەتبکاتەوە. شیعر ئەگەر نەفرێت و توانای تەی کردنی ئاسمانەکانی نەبێت، ناتوانێت جیاواز بژیت و قۆناغەکانیش ببڕێت. نیگار نادر لەم قۆناغەی شیعرییەیدا خۆی لە تەواوی ژنە شاعیرەکانی تر جیاکردووەتەوە، هەمیش بە باڵی بوێری لە هەموویان بەرزتر هەڵفڕیوە.

گیانە «با» شت فێر کردووە ڕۆژێ دەجار
تەنورەکەم هەڵداتەوە و
کڵاوەکەم لەسەر بفڕێنێ.

کەرستەی سەرەکیی نووسینی شیعری جاویدانی هەڵزنانی وشەی جوانە بەباڵای فانتازیاوە. لەم

# شیعر بەشێکی لە بیرەوەریی شاعیرەوە ڕۆحی نۆستالیژیای پێدەبەخشرێت

شیعرانەی نیگار ناردیشدا حەزێکی گەورەی هەڵفڕین هەیە، بە باڵی کۆترەکانی بەرائەت هەڵدەفڕن. لە پشتی ئەم شیعرانەشەوە عەشقێکی گەورە بوونی هەیە، کە عەشقی پیاوە. شاعیر بە خەیاڵی هێندە ناسک شیعری نووسیوە، زێدەگۆیی نییە کە بڵێم، شیعری نیگار نادر لە پەڕی گوڵ و باڵی پەپوولە دەچێت. هەر بۆیە دەگەینە ئەو واقیعەی کە عەقڵی شاعیر بەتەنیا ناتوانێت شیعر درووست بکات، بەڵکو سەیری کردەکانی دەکات و دەبێتە سەرکاری کردەکە، کاتێک کە شیعر دەنووسی. ئەگەر بچینە ناو ناخی ئەم کۆپلە شیعرەیەوە دەبینین هێزێکی گەورەی ئێرۆتیکا هەیە. ئەم هێزی ئێرۆتیکایەش ئاوێتە بووە بە وردەکارییەکانی ڕۆژانە و نهێنییەکانی حاڵەتی ئێرۆتیکا.

سەرم بخورێنە ئەورۆ
دێمە سەر زگت و ژیان لە خۆم
دادەماڵم.
ئەورۆش هەتاو بە پەلە خۆی بە
ژوورەکەمدا کرد. کە گەیشت بینیی دیسان
لەپێش وی زەرد زەرد لەسەر لایەکی
ڕانموسیسەمەکەمکەوتووی‌پێمداهەڵدەکشێی.

زمانی بوێریی شاعیر لە درکاندنی نهێنییەکان و دەربڕینی بوێرانە، خاڵی سەرەکیی تەقینەوەی شیعرییەتی شیعری نیگار نادرە. بۆیە لە ئەزموونی ئەو شاعیرەدا شیعرنووسین بەهرە نییە و بەس، ئەگەر هەر بەهرەبایە ئەوا کانیاوی هیچ شاعیرێک وشکی نەدەکرد. ئەگەر عەقڵیش داینەمۆی شیعر بێت، ئەوا جورئەتکردن و ستایلەکانی دەربڕین و تەکنیکەکانی نووسین فاکتەرێکی بنەڕەتین. هەموو مرۆڤێک لەناو خۆیدا بیرمەندێکە، لێ ئەنجامەکانی بیرکردنەوە فاکتەرێکی سەرڕێژن لەسەر چۆنیەتیی کردارەکان. توانای بیرکردنەوەش گەورەترین هێزە بۆ تەواوی پرۆسە ئەدەبییەکان. هەر بیرکردنەوەشە کە تەواوی دنیا بەڕێوە دەبات. ئەدیسۆن لای وایە کە هیچ کارێکی بە نرخی بە شێوەیەکی ڕێکەوت ئەنجام نەداوە، هیچ یەکێ لە داهێنانەکانی لە ڕووی ڕێکەوتەوە نەبووە، بەڵکو ئەنجامی بەرهەمی کار و کۆششەکانی بوون. واتە تەواوی کردەکان پێویستییان بە هەوڵی جددی هەیە. ئاخر کارکردن لە پرۆسەیەکی وەهادا زەخیرەیەکی لەبن نەهاتووی دەوێت و پێویستی بە هەوڵی زۆر جددی هەیە. بۆیە شیعری ئەم ژنە شاعیرەش بەخەیاڵێکی هێندە جوان و ناسک نووسراوە، کە لەسەر سینگی پیاودا خۆی لە ژیان دادەماڵێت و هەموو دنیا لەوێوە ڕا دەبینێت. واتە باوەشی پیاوە دەلاقەیەکە بۆ دنیابینیی ئەم ژنە شاعیرە. لەم دەلاقەیەشدا جنێوی جوان بەدنیا دەدات، جنێوی ڕۆمانسی و لەزەت بە پیاو دەدات. ئەم گوڵە جنێوانە بە ئاوی ئێرۆتیکا ئاودراون.

سەر لە مۆبایلەکەت دەردێنم و دەنووك
لە ڕۆحت دەدەم ئەوا چیت لە من
کردووە ئەمشۆ وا ئەورۆ
هەموو دونیام لێ دەبارێ
هەی سەگباب.
کراسێکم لە ڕەنگی زەردەپەڕێ لەبەر کردووە
زمانم دەردێنم و لەبەر ئاوێنە لێی
دەڕوانم
دەبینم پیاوێك هاتووەتە ناو زمانمەوە
بە تۆ دەچێ ئەتۆی دەزانم سەگباب.

ڕەخنەی ئەمرۆی ئەدەبی کوردی کاریگەریی ڕاستەوخۆشی کردووەتە سەر دەقی ژنە شاعیرەکان، چونکە بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەقی ژن لە ژێر کاریگەریی دەقی پیاودا بووە. تەنانەت ژنە شاعیری واهەبووە دەربڕینی پیاوانەی بەکارهێناوە و لە شیعرەکانیدا وەسفی زولفی خاوی کردووە

# وتار

(هونەری جنێودان) لەم دیوانە شیعرییەدا لە ترۆپکی جوانیدایە. بەکارهێنانی جنێو لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەگەرچی تازەنییە و شاعیران و نووسەران بە چەندین شێوەگەریی جیاواز کاریان لەسەر ئەم هونەرە کردووە، لێ پێم وایە تائێستایش (شێخ ڕەزا) لە ترۆپکی ئەم هونەرەدایە. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەش پێم وایە هێشتا وەک پێویست گرنگی بەم هونەرە نەدراوە. نیگار نادر هونەری جێنودانی بە دیدگایەکی ژنانە و هەستێکی مێینەی ڕۆمانسییانە بەکارهێناوە و دەستباڵایی خۆی نواندووە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا. وشەی (سەگباب) کە زۆرجار لە حاڵەتەکانی ترۆپکی خۆشنودی و لەزەتی ژن لە بەرامبەر پیاو بەکاری دەهێنێت، ئەم وشەیە لەم دیوانەدا هێندە بە زمانێکی مێینەی شیرین بەکارهێنراوە، خوێنەر حەزناکات لەسەریاندا ئێستێک بکات و حەز دەکات لەهەموو شیعرێکدا لە بری کەسی مەبەست سەگباب بکرێت.

**ئەورۆ لەبن تۆڕا لە ژیان دەڕوانم**
**ئەی ژیان لەبن**
**تۆڕا چەند گەرم و جوانە سەگباب.**

شیعری جوان بۆ ئەوە دەست پێناکات کە کۆتایی پێبێت، بەڵکو بۆ ئەوە دەست پێدەکات کە چەندین دەستپێکردنی تری لەدواوە بێت. هەمیشە خوێنەر ناچاری گەڕانەوە و هەڵوەستە لەسەرکردن بکات. شیعر: عەقڵ لێک هەڵدەوەشێنێتەوە و خۆی عەقڵێکی تری بە بەردەخات و عەقڵێکی تر لە پرۆسەی شیعرییەتدا دروست دەکات. واتە ڕەگێکی بنەڕەتیی شیعرییەت بەندە بە چەمکی فەلسەفەوە، هەربۆیە رووخساری شیعر زۆرجار چەشنی وتەیەکی بەهادار خۆی دەنوێنێت. سەیرکردنی تەواوی ژیان لە گۆشەنیگای ئێرۆتیکاوە (لە دەلاقەی پیاوەوە) بۆ ژنێکی وەها عاشق و دڵگەرم چەندە جوان خۆی دەنوێنێت. ژیان بە عەشقی گەورەوە جوانە. ئەو عەشقەی کە مەنزڵگەی نهێنییەکانی شاعیرە. لەم کۆپلە شیعرانەی نیگار نادردا هەست بەوە دەکەین کە شیعرەکانی ئەو ژنە عاشقە باولی نهێنییەکانییەتی و پۆرترێتی ئەوان ئەو ڕۆژانە کە خۆی تێدا نووسیوەتەوە.

**بەرئەنجام:**

شاعیرمان هەیە خاوەن یەک پەنجەرە و یەک دیدگا و یەک خودە، هەمیشە لە ناوەوەی شیعرەکانیدا خوێنەر هەست بە جۆرێک لە وشکبوونی خەیاڵی دەکات. تەنانەت کاتێک بەساڵدا دەچێت (تەمەنی گەورە دەبێت) نابێتە خاوەن دیدگای تایبەت بەخۆی و جیهانبینیی وێران دەبێت و توانای تەیکردن و فرین و هەڵزنانی نامێنێ. نیگار نادر هەم بناغەی جیهانبینیی شیعرییەتی لە شیعرەکانی خۆیدا بنیادناوە، هەمیش ئەزموونی شیعری خۆی نوێکردەوە و شیعری ژنانی کوردیشی دەوڵەمەندتر کردووە. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە دەقی تازە و شاعیری نەوەی نوێ هەڵگری جۆرێک لە دوو خودییە و خاوەن دیدگا و جیهانبینیی خۆیەتی، چونکە لە دنیای ئەدەبیاتدا هیچ تەمەنێک پێوەر نییە بۆ چۆنیەتیی دەق و مۆڕاڵی شیعرییەت. بەڵکو دەرئەنجامەکانی قوڵبوونەوە بەناوەوە و دەرەوەی خودی شاعیر و زاڵبوون بەسەر زمان و تۆکمەکردنی زیاتری مەودای جیهانبینی و گەڕانی هەمیشەیی ئەو

ڕاستییە دەسەلمێنێت، بۆیە پێم وایە شیعر ئەگەر قسەبێت بەزمانی نووسین، قسەیەکە رۆحی هونەری کوتکراو و جۆشدارە لە کایە پڕ مەعریفەکانی شاعیردا، کە دەکرا هەمان ئەو قسەیە نووسینێکی ڕووت بایە و رۆحی هونەریی شیعرییەتییان تێدا نەبایە. شاعیر لە دیوارەکانی شیعرییەت و جوانیناسی بیرەوەرییەکانی بە قوڕی بوێری و ترۆپکی جورئەتکردن سواغ داوە، لە ئێوارەیەکی رۆمانیسیشدا بە عەتری عەشقی پیاویش ئاوڕشێنی کردوون. هەربۆیە وا لە خوێنەر دەکات هەمیشە بگەڕێتەوە سەری و لەگەڵیاندا بژیت. بێگومان ئەمەش یەکێکە لە بنەمای سەرکەوتووی شیعر. کە شیعر نابێت بە یەکجار خوێندنەوە بمرێت و جوانییەکانی خۆی لەدەست بدات.

ئەم ئەزموونە نوێیەی نیگار نادر پێم وایە لە داهاتوودا دەبێت بە ستایلێکی زیندووی شیعری ژنانی کوردی و ستایلێکی تایبەتیش بۆ خۆدی نیگار نادر.

هونەری جیاواز نووسین تەنیا لادان نییە لە فۆرمی باو و تێکشکاندنی کێش و سەروا و وێنەی سواو، بەڵکو کارکردنیشە لە ناوەوەی شیعر و گەڕانێکی هەمیشەییە. کارکردنە لە فیکری شیعر و ڕەتکردنەوەی هەموو ڕێسا و کوت و کولتووری باو و ستایلی دیاریکراوە



نیگار نادر

### پەراوێز و سەرچاوە:

*بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بە من بچێ دە ئەمجارەش، شیعر (بیرەوەری)، نیگار نادر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە ٧٩٧، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.